Kurdistannet کوردستان نێت

# لوتکە دوورەکان

**ئەحمەد دەشتی**

ئێواران دڵم توند دەبێ و
ژان دەمگرێ
تەم و بەفرو بورانی خەفەت
بە نێو ئەم دەروونە
نامۆ و غەریبەی من وەر دەبێ
هەر دەڕوانمە
دۆندە دوور دوورەکان و
هەوری خەمی بیانی بوون
لە گیانم دەئاڵێت و
بەر چاوانم وەکوو قەقنەس
تاریک دادێ
تەیری سپی سەرشاخانم
لەدەروو نم دەکەون و
ئاسمانانی دڵی تەنگم
تەی دەکەن و
ژانەکانم پێ وەردەکەن
ڕەوەکۆتری کێلگەکانیش
دەڕۆنەوە و بە شەققەی باڵ
جێم دەهێلن و
دڵی دوورو غەریبی من
تەنگتر دەبێ و
تێکەڵ کەویە بەفری قەدپاڵان و
چیای بەرزو کۆسارانی وەڵاتەکەی
کوردستانی شیرنم دەکەن





دەنگ و ئاوازی ئەو دیمەن و
مەلی جوانی ئەو لوتکانەم
تێکەڵ بە شەڕاب و
خەمی گەڵاڕیزانی تەمەنم
لە غوربەتی خەمناک دەبێ
دەڵێن ئاسۆ خوێنی
بێ نەوازو شەهیدانە
ڕژاوەتە نێو ڕۆناکی هەتاوەوە
ئێستاش کە هەلۆ بەرزفڕەکان
دەفڕن بۆ سەر لوتکە دوور دوورەکان
بیرەوەری و یادگاری ساڵانی زوو
دەڕژێتەوە ناو خانەی خەیالی
ئەم دڵەی منی بیانیەوە
تەنیا دۆندی بەرزو کێوی سەختم
دەبێتە سەبووری
ئەم دەروونەی غەریبمەوە
ئەم ژیانەی پڕ لە جەفاو خەمەکانی
غەوارەیی ئەم دوورە بێگانەیەم
لە گشت سات و دەم و ڕۆژی
خەنجەرێکی ژەهراویە
هەموو وەختێ
برینی کۆن و تازەکانم دەکوڵێنتەوە
ڕوئیاکانم لەم دوورەوە
باڵیان دەشکێ و
لە خەرەندی تەنهایی و



نەهامەتی دەمێنمەوە
دیمەنە تاڵ و شیرینەکانی
ئەمڕۆو دوێنێم
لە ئاسۆی تاریکی دا
دەڕژێتە ناو دەروونی
ئەم غوربەتە تەمەن درێژ و
پڕ لە ژان و گشت حەسرەتی
بیکەسیی و دوور لە یار و
ئازیزانی خۆشەویستم و
هەڤالانی هەر لە یادم
ئای کە غوربەت تەمەن خۆر و
پڕ لە جەفا و ژەنگ و ژارە
ئای کە وەڵات بۆ گشت مرۆڤی
فردەوسێکی بێ وینەیە و پڕ بەهارە
*